# لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێداندا

# له بواری ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێداندا

حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١ دا، لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێدانەوە، گەلێك پرۆژەی ئاوەدانكاری و ڕێگەوبان و خزمەتگوزاری پێشكێش بە گوندنشینان كردووە و توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لە بەهرە و شارەزاییی كادیرانی ناوخۆ و، بە پشت بەستن بە بودجەی حكوومەتی هەرێم و بودجەی بڕیاری ٩٨٦ ژمارەیەكی زۆر پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام بدات و گەلێك گوند ئاوەدان بكاتەوە و خانووبەرە و قوتابخانە و بنكەی تەندروستی و پرۆژەی ئاویان بۆ دروست بكات و ڕێگەیان بۆ ڕابكێشێ و هانی خەڵكەكە بدات كە بگەڕێنەوە سەر ڕەز و باخ و گوند و زێدی باب و باپیرانیان.

ساڵی ڕابردوو چ لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم و چ لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ گەلێك پرۆژەی گرینگ تەواو كراون یا لە ژێر جێبەجێ كردندان، كە تێچووی گشتی ئەم پرۆژانە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

تێچووی ئەو پرۆژانەی ساڵی ڕابردوو لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم تەواو كراون: ٨٦,٠٨٠,٥٩٦ دینارە.

تێچووی ئەو پرۆژانەی كە لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێن و لە ژێر جێبەجێ كردندان: ٤٣,٠٠١,٦٩٢ دینارە.

تێچووی ئەو پرۆژانەی كە ساڵی ڕابردوو لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ تەواو كراون دەكاتە: ١٣,٠٦٠,٣٩٣ دۆلار.

تێچووی ئەو پرۆژانەی كە لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ ئەنجام دەدرێن و لەژێر جێبەجێ كردندان: ٥٠,٢١٨,٤١٠ دۆلارە.

تێچووی ئەو پرۆژانەی كە لەسەر بودجەی بەرنامەی ٩٨٦ پلانیان بۆ داڕێژراوە: ٦٣,٢٧٨,٨٠٣ دۆلارە.

ئەمەی خوارەوەش گرینگترین كار و چالاكییەكانە لە بواری ئاوەدانكردنەوە و گەشەپێداندا:

- لە ساڵی ٢٠٠١دا ٥٠٣ خانوو دابەش كراوەتە سەر خێزانی سەربەرزی شەهیدان و ئاوارە و گەڕاوەكانی ئێران لە ناوچەكانی سۆران و ڕەواندز و مێرگەسوور و سیدەكان.
- تەواو كردنی پرۆژەی بانكی هەرێم كە لە ٢٠٠١/٨/١٦ دا لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان كرایەوە. ئەم پرۆژەیە كە بایەخێكی زۆری هەیە لە بواری كاروباری بەڕێوەبردنی دراوی لە كوردستاندا لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم بە شێوازێكی مۆدێرن ئەنجام درا و پاتی (٢٨,٥٠٠,٠٠٠) دیناری تێچووە.
- لە بواری ڕێگەوبانیشدا گەلێك پرۆژەی گرینگ و ستراتیجی ئەنجام دراون كە بە وردی لە خشتەكانی هاوپێچدا ڕوون كراونەتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە شەقامی دوو سایدی ١١ی ئەیلول دەكەین كە ڕۆڵێكی گرینگ دەگێڕێ لە كەمكردنەوەی قەرەباڵغی هاتوچۆ لەناو شاری هەولێردا. قۆناغی یەكەمی ئەم پرۆژەیە تەواو كراوە و قۆناغی دووەمیش لە ژێر جێبەجێ كردندایە و تا ئێستە بەشێكی بەرچاوی لێ تەواو كراوە. تێچووی هەردوو قۆناغی ئەم شەقامە ٦,٩٦٠,٠٠٠ دینارە و لەسەر بودجەی حكوومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێ.

- تەواو کردنی یاریگای وەرزشیی سەلاحەدین (پیرمام) کە ٢.٩٨٩.٦٣٢ دیناری تێ چووە و ئێستە لاوان و وەرزشوانانی ناوچەکە سوودی لێ وەردەگرن.
- هەر لە ڕوانگەی بایەخدان بە ژیان و گوزەرانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان (٢٥٠) خانوو لە کەسنەزان و حەسارۆک و سۆران تەواو کراون و بەم نێزیکانە بەسەریاندا دابەش دەکرێت. تێچووی ئەم پرۆژەیە ٢٦.٤٦٦.٠٠٠ دینار بووە و لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە.
- دروستکردنی ١٠٠ خانوو بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان، ئەم پرۆژەیە ٨.٣٩١.٥٠٠ دیناری تێ چووە و لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە.
- لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا توانراوە ٢٦٤ پرۆژەی ئاو بۆ گوندەکان دروست بکرێت.
- لێدانی ٤٣ بیری ئیرتیوازی لە گوند و ناوچە جیاجیاکاندا.
- بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بێ ئاوی و هیشکەساڵی ڕۆژانە بە تانکەر ئاو بۆ ١٩٣ گوند دابین کراوە.
- دانانی بەردی بناخەی چەندین پرۆژەی گرینگی ئاو بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەم ئاوی لە گوندەکاندا، وەک پرۆژەی ئاوی (کانی بەردەری) کە پرۆژەیەکی کەم وێنەیە و بۆ یەکەمین جارە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گرفتی بێ ئاوی گوندەکان نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەم پرۆژەیە لە یەک کات و یەک سەرچاوەوە ئاو بۆ (٢٠) گوند دابین دەکات و ٤٣٧.٨٩٩ دۆلاری تێ دەچێت.
- گرینگیی زۆر دراوە بە هۆشیارکردنەوەی گوندنشینان بۆ ڕەچاوکردنی پاک و خاوێنی و سوود وەرگرتنی زیاتر لە سەرچاوەی ئاوەکان و باش بەکارهێنانیان. بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی تایبەتی لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان کراوەتەوە کە بەردەوامە لەسەر کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ گوندنشینان و ڕێنوێنی کردنیان.
- بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان دروست نەبێت، چەندین تیمی تایبەتی بۆ ڕاماڵینی بەفر و خاوێن کردنەوەی ڕێگە سەرەکی و لاڕێیەکان لەو ناوچانەی کە لە زستاندا بەفرێکی زۆریان لێ دەبارێت پێکهێنراوە.
- دانانی بەردی بناخەی چەندین کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک کە گشت پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و کارگێڕییەکانیان بۆ دابین دەکرێت. ئەمەش هەنگاوێکی نوێیی هاوچەرخە بۆ گەشەپێدان و ئاسانکردنی ژیان و ئاسوودەیی هاووڵاتیان وەک: دروستکردنی ٩٠٠ شوقە لە کەسنەزان، کۆمەڵگەی میرۆز لە مێرگەسوور، کۆمەڵگەی بیدهێ لە کانی ماسی، کۆمەڵگەی شوقەق لە زاخۆ، کۆمەڵگەی ئیتوت لە ئامێدی، کۆمەڵگەی بریفکا لە کانی ماسی و کۆمەڵگەی خلیلکا لە ئاکرێ.
- کردنەوەی چەندین خولی ڕاهێنان و فێرکردنی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەر و نەخشەسازی بۆ کارمەندانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هوشیارییان. هەروەها بەشداربوونی کارمەندانی وەزارەتی ناوبراو لە کۆنفرانسی زانکۆی دهۆک کە بە هاوکاری زانکۆی دۆرتمۆندی ئەڵمانی بۆ فێربوونی چۆنیەتی پلاندانان و نەخشەسازی سازکرا.

شایانی باسە تا ئێستە نێزیکەی ١٤٨٥ گوند لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک ئاوەدان کراونەتەوە و خەڵکی گەڕاونەتەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆیان و پرۆژەی خزمەتگوزاریان پێشکێش کراوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دروستکردنی هەزاران خانوو و شوقە و سەدان پرۆژەی ئاو و کردنەوە و

قیرتاوکردنی سەدان کیلۆمەتر ڕێگەوبان و گەلێک پرۆژەی ئاواکارییە و سەدان پرۆژەی تری لەم بابەتەی لە پلانی خۆیدا جێ کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێن.

ئەم چەند خشتەیەش دەقی چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە ساڵی ۲۰۰۱دا بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەنە ڕوو:

١- خشتەی ژمارە ١: ئەو پرۆژانە دەردەخات کە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم لە پارێزگەی هەولێر ئەنجام دراون.

٢- خشتەی ژمارە ٢: ئەو پرۆژانە دەگرێتەوە کە لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم لە پارێزگەی دهۆک ئەنجام دراون.

٣- خشتەی ژمارە ٣: ئەو پرۆژانە نیشان دەدات کە لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ لە پارێزگەی هەولێر ئەنجام دراون، یان دەدرێن.

٤- خشتەی ژمارە ٤: ئەو پرۆژانە دەخاتە ڕوو کە لەسەر بودجەی بڕیاری ٩٨٦ لە پارێزگەی دهۆک ئەنجام دراون، یان ئەنجام دەدرێن.

٥- خشتەی ژمارە ٥: چالاکیی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی گوندەکان و کۆگەکان لە هەولێر و دهۆک لە دوو ساڵی ڕابردوودا (٢٠٠٠- ٢٠٠١) دەردەخات.

خشتەی ژمارە (١)

## چالاکییەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠١

### پارێزگەی هەولێر

| برگەی پرۆژەکان | جێبەجێ کراون ١٠٠٪ | بڕی پارە | لەژێر جێبەجێکردندان | بڕی پارە بەدینار |
|---|---|---|---|---|
| چالاکییەکانی بەشی بیناسازی | پرۆژەی سیاجی وقائی لە ڕێگەی خەلان - ڕێزان | ١,١٣٧,٠٠٠ | | |
| | پرۆژەی حەوزی سۆران | ٨٥٥,٨٥٣ | | |
| ٣٧٠ خانوو ٨ پرۆژەی بینای حکومی | یاریگای سەلاحەدین | ٢,٩٨٩,٦٣٢ | پرۆژەی باڵەخانەی بنکەی عێراق بۆ دیموکراتییەت | ٢,٩١١,٩١٢ |
| | پرۆژەی بانکی هەرێم | ٢٧,٢٧٥,٨٧٢ | ٥٠ خانوو بۆ شەهیدان لە سۆران | ٥,٩٨٠,٠٠٠ |
| | ٥٠ خانوو بۆ شەهیدان لە حەسارۆک | ٥,٣٥١,٥٠٠ | یاریگای بلێ | ٢,١٤٦,١٣٠ |
| | ١٠٠ خانوو بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان | ٨,٣٩١,٥٠٠ | | |
| | ٥٠ خانوو بۆ شەهیدان لەسەر ڕێگەی کەسنەزان | ٥,١٥١,٥٠٠ | | |
| | ١٠٠ خانوو بۆ شەهیدان لەسەر ڕێگەی کەسنەزان | ٩,٩٨٣,٠٠٠ | | |
| | خانووی مەلا فەرحان | ٨٤,٩٩٨ | | |
| | ٢٠ خانوو لەسەڤرە | ٦٣٠,١٢٠ | | |
| چالاکییەکانی بەشی ڕێگەوبان ٩٣,٩کم | پرۆژەی ڕێگە و گۆڕەپانی سەلاحەدین (گواستنەوەی سەربازی) | ١٤٢,٠٥٠ | قیرتاوکردنی ڕێگەی حجران - دربند ١٨کم | ٢,٦٥٤,٠٠٠ |
| | قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی ڕێزان و خانوەکان لە ڕێزان و بارزان ٢کم | ٤٧٠,٦٥٠ | ڕێگەی ماوەلو - سەری بڵند ٢کم | ٤٩٨,٠٥٠ |
| | چاککردنەوەی شەقامی سەلاحەدین ٣کم | ٩٤١,٧٢٠ | فراوانکردنی ڕێگای بارزان - بیانە ٣کم | ٧٢١,٨٠٠ |
| | قیرتاوکردنی ڕێگەی سپیلک خەلان ١٨کم | ١,٥٢١,٠٤١ | دووسایدی هەژار موکریانی لە سەلاحەدین ٢,٤کم | ٦,٩٩٧,٤٩٦ |
| | ڕێگەی (١١/ئەیلول) بەشی یەکەم ٢,٦کم | ٣,٥٠٠,٠٠٠ | ڕێگەی سەری بڵند ٣کم | ٤,٠٤٨,٦٦٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | قیرتاوکردنی ڕێگە و گۆڕەپان لە بارزان | ١٣٣,٧٥٠ | ڕێگەی (١١) ئەیلول بەشی دووەم ٢,١٠٠کم | ٣,٤٦٠,٠٠٠ |
| | | | صیانەکردنی ڕێگەی سپیلک خەلان لەگەڵ دروستکردنی اکتاف ١٨کم | ١,٥٢١,٠٤١ |
| | | | قیرتاوکردنی ڕێگەی خەلان - ڕێزان ٣٦کم | ١١,٤١٣,٨٠٠ |
| | قیرتاوکردنی گۆڕەپانی بارزان | ٤١,٠٠٠ | چوارڕیانی (١١)ی ئەیلوول | ٢٥٣,٠٧٥ |
| | قیرتاوکردنی شەقام و گۆڕەپان لە سەڵاحەدین | ٥٧,٠٠٠ | ڕێگای ناوخۆی لە سەلاحەددین | ٣٩٥,٧٢٠ |
| | هەڵمەتی جوانکاری ناو هەولێر | ١٥,٥٠٠,٠٠٠ | | |
| کۆی گشتی | | ٨٤,١٥٨,١٨٦ | | ٤٣,٠٠١,٦٩٢ |

خشتەی ژمارە (٢)

## ئەو پرۆژانەی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم دروست کراون

## پارێزگەی دهۆک

پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠١

| ت | اسم المشروع | الموقع | جهة التمويل | المبلغ | نسبة الانجاز |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تحويل معمل الاسفلت من زاخو الى اتروش | اتروش | وزارة المالية | ٣٧٣,٠٥٥ | ٪١٠٠ |
| ٢ | صيانة معمل الفلدر في سرطنك | سرطنك | وزارة المالية | ٢٦٣,٤٠٠ | ٪١٠٠ |
| ٣ | حملة كسح الثلوج | كاني ماسي | وزارة المالية | ٢٥٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| ٤ | تصليح معمل اسفلت بلى مع الاليات والغربلة والكسارة | بلى | وزارة المالية | ١٦٢,٨٩٠ | ٪١٠٠ |
| ٥ | صيانة المكائن والاليات | دهوك | وزارة المالية | ٥٥٤,٨٩٠ | ٪١٠٠ |

مشاريع عام ٢٠٠١

| ت | اسم المشروع | الموقع | جهة التمويل | المبلغ | نسبة الانجاز |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | صيانة طريق طروانش | اتروش | محافظة | ٦٩,٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| ٢ | صيانة طريق باروخ | كاني ماسي | محافظة | ٩٥,١٧٥ | ٪١٠٠ |
| ٣ | اكساء مدخل ابراهيم الخليل | زاخو | محافظة | ١٤٠,٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| ٤ | تعديل وتنظيف مجمع طروانش | طروانش | محافظة | ١٤,٠٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣)

## پڕۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ لە ساڵی ٢٠٠١

### پارێزگەی هەولێر

| | | ڕێژەی جێبەجێکردن ١٠٠٪ | | لەژێر جێبەجێ کردندایە | | لەژێر پلاندایە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکانی پڕۆژە | | ژمارەی پڕۆژە | بڕی پارە بە$ | ژمارەی پڕۆژە | بڕی پارە بە $ | ژمارەی پڕۆژە | |
| خانوو | IDPS | ٢٠٠ | ٣٩١,٣١٠ | ٧٧٠ | ٦,٢٦٨,١١٦ | ١,١٨٠ | ٢١٥٠ |
| | SHelter | ٦٧٠ | ١,١٧٣,٢٨٢ | ١٠٣٤<br>٨٩٦ شوقە | ٢,٣٠٩,٤٨٤ | ٢٤٠٠ | ٥٠٠٠ |
| پڕۆژە پەروەردەییبەکان | | ١٤ | ١,٥٥٦,٢٩٩ | ٧٧ | ٥,٤٤٧,٩٥٢ | ٢٦ | ١١٧ |
| ڕێگە | | ٢٤٦,٩٥٥<br>کم | ١,٥٤٤,١٤٨ | ٢٦٠,١٠٤٤<br>کم | ٦,٨٤٥,٩٩٣ | ٧٨٧,٠٦٩<br>کم | ١٢,٩٤٠,١٢٨<br>کم |
| پڕۆژە تەندروستییەکان | | ١٧ | ٢٨٠,٥٣٤ | ٢٥ | ٥٧٩٠٧٩ | ٦ | ٤٨ |
| پڕۆژەی ئاو | | ١ | ٣٢,٧٠٢ | ١١ | ٤٨٦,٤٥٦ | ٣ | ١٥ |
| پڕۆژەی ئاوەڕۆ | | ٨١٧٠م | ٤٧٦,٧٧٧ | ١٨٤٤٦م | ١,٣١٩,٣٩٨ | | ٢٦,٦١٦م |
| پرد | | ١ | ٣٧,٠٠٨ | ١ | ٦٠,٥٦٤ | ١ | ٣ |
| بنکەی ئاژەڵی | | ٢ | ٩٧,٦٥٥ | | ٠ | | ٢ |
| پڕۆژەی جۆراوجۆر | | ٥ | ٢٥٥,٠٨٦ | ٢١ | ١,٥٧٢,٥٨٥ | ١٣ | ٣٩ |
| کۆی گشتی | | | ٥,٨٤٤,٨٠١ | | ٢٤,٨٨٩,٦٢٧ | | ٣٠,٧٣٤,٤٢٨ |

خشتەی ژمارە (٤)

## پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ لە ساڵی ٢٠٠١

### پارێزگەی دهۆک

| | | ڕێژەی جێبەجێکردن ١٠٠٪ | | لەژێر جێبەجێ کردندایە | | لەژێر پلاندایە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکانی پرۆژە | | ژمارەی پرۆژە | بڕی پارە بە$ | ژمارەی پرۆژە | بڕی پارە بە $ | ژمارەی پرۆژە | |
| خانوو | IDPS | ٩٦٣ | ٢,٤٢٤,٥٨١ | ٥٣٧ | ٢,٢٢٧,٧٠٩ | ٤,٢٨٤ | ٥,٧٨٤ |
| | SHelter | ٠ | ٠ | ٢٢٦ | ٢,٨٤٧,٩٥٨ | ١٠٤ شوقە | ٣٣٠ |
| پرۆژە پەروەردەییەکان | | ٢٢ | ٢,١٢٠,٧٦٧ | ٦٣ | ٦,٩٨٧,٤٨٢ | ١٩ | ١٠٤ |
| ڕێگە | | ٥٠,٩٢٢ کم | ١,١٥٧,٥٥١ | ٤٤٣,٢٨٢ کم | ٩,١٥٤,٦٩٧ | ٣٤٤,٢٤٤ کم | ٨٣٨,٤٤٨ کم |
| پرۆژە تەندروستییەکان | | ٢ | ١٣٨,٨١١ | ٥ | ٤٨١,٤٧١ | | ٧ |
| پرۆژەی ئاو | | ٦ | ٦١,٣٣٠ | ٩ | ٩٧١,٨٦٢ | ٣ | ١٨ |
| پرۆژەی ئاوەڕۆ | | ٣ | ٥٧٠,٥١٢ | ٢پرۆژە ٥,٧٧٧ کم | ١,٥٠٦,٧١٦ | ٣,٢١٣م | ٥ پرۆژە ٨,٩ کم |
| پرد | | | ٠ | ٣ | ٣٦٣,٤٧٢ | | ٣ |
| بنکەی ئاژەڵی | | ٧ | ٢٥٣,٧٣١ | | ٠ | ٠ | ٧ |
| پرۆژەی جۆراوجۆر | | ٢ | ٤٨٨,٣٠٩ | ٣ | ٧٨٧,٤١٦ | ٢ | ٧ |
| کۆی گشتی | | | ٧,٢١٥,٥٩٢ | | ٢٥,٣٢٨,٧٨٣ | | ٣٢,٥٤٤,٣٧٥ |

خشتەی ژمارە (٥)

## چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گوندەکان و کۆگاکان لە هەولێر و دهۆک

## بۆ دوو ساڵی ڕابردوو ٢٠٠٠-٢٠٠١

| ساڵی ٢٠٠١ | | هەولێر | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | بابەت | ژمارە | پات بەدۆلار | ژمارە | پات بەدۆلار | ژمارە | پات بەدۆلار |
| ١ | پرۆژەی ئاو (نوێ و چاککردنەوە) | ١٦٩ گوند | ٢,٤٤٣,٠٠٠ | ٩٥ | ٩٨٧,٧٤١ | ٢٦٤ | ٣,٤٣٠,٧٤١ |
| ٢ | پرۆژەی ئاودەست | ٣٤٠٠ ئاودەست لە ٩٤ گوند | ٤٦٧,٨٤٠ | ٢٦٥٠ ئاودەست لە ٦٨ گوند | ٤٦١,٦٥٥ | ٦٠٥٠ ئاودەست لە ١٦٢ گوند | ٩٢٩,٤٩٥ |
| ٣ | گواستنەوەی ئاو بەتانکەر | ١١٢ گوند | ١٤٠,٠٠٠ | ٨١ گوند | ٧٧,٧٥٤ | ١٩٣ گوند | ٢١٧,٧٥٤ |
| ٤ | بیر لێدان | ٢٥ بیر | ١١٧,٥٠٠ | ١٨ بیر | ١٧٢,٩٤٥ | ٤٣ بیر | ٢٩٠,٤٤٥ |
| ٥ | سیانەی ترومپا و ئامێرەکانی بیرەکان | ٣٦٥ گوند | ٣٢٩,٠٠٠ | ٢٠١ گوند | ٢٧,٤٨٣ | ٥٦٦ گوند | ٣٥٦,٤٨٣ |
| ٦ | دانان و دابەشکردنی ئامێر و کلۆر | ٦٥٠ گوند | ١٩,١٩٩ | ٣٧١ گوند | ٧,٤٥٠ | ١٠٢١ گوند | ٢٦,٦٤٩ |
| ٧ | خولی ڕاهێنان و دابەشکردنی ئامێری دەستی | ٢١٥ گوند | ٧٨٠٠ | ٢٧٦ گوند | ١٢,٨٨٠ | ٤٩١ گوند | ٢٠,٦٨٠ |
| ٨ | ئامێری جۆراوجۆری وەرگیراو | ٥٨ دانە | ٣,٤٨٧,٤٣٥ | ٣٩ دانە | ٢,٣٤٥,٠٠٠ | ٩٧ دانە | ٥,٨٣٢,٤٣٥ |
| کۆی گشتی پات بە دۆلار | | | ٧,٠١١,٧٧٤ | | ٤,٠٩٢,٩٠٨ | | ١١,١٠٤,٦٨٢ |